گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵویستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی ساڵی 1991 باشووری کوردستان

**پ. د. اسماعیل محمد حصاف**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

ismail.hassaf@su.edu.krd

**م.ی سامان عمر حمد**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

saman.hamad@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/٧/٣٠

پەسەندکردن:٢٠٢٣/٩/١٤

بڵاوکردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**

*America, Uprising, Resolution 688, Security Council, Desert Storm.*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.9.4.16

**پوختە**

داگیرکردنی کوێت هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕاکێشانی ئەمریکا و نزیکبوونەوەی لە کورد، چونکە ئەم داگیرکارییە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر عێراق کرد و ئیدارەی ئەمریکای ناچار بە لەشکرکێشی سەربازی بۆ سەر عێراق کرد، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر پرسی کورد هەبوو، ئەم توێژینەوەیە لە تەوەرەی یەکەمیدا، باس لە هەڵوێست و ڕۆڵی ئەمریکا بەرامبەر ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی باشووری کوردستان کراوە، لەسەرەتادا تیشک خراوەتە سەر فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، پاشان ڕۆڵی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەهەمبەر ڕاپەڕینەکە بەدیارخراوە، تەوەری دووەمیش بۆ بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوەیەکگرتووەکان تەرخانکراوە، کە چۆن کوردانی باشوور ڕووبەڕووی کۆڕەو بوونەوە، ئەمەش هۆکاربوو ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایە سەر هێل کە هەندێک هەنگاوی کرداری لەپێناو پاراستنی کوردەکان بگرنەبەر، لەم تەوەرەدا ئاماژە بە مەرگە سات و قوربانییەکانی کورد کراوە، کە دواجار وایکرد فەرەنسا پرۆژە بڕیاری ٦٨٨ گەڵاڵە بکات و پێشکەش بە

ئەنجومەنی ئاسایش بکرێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بۆ یەکەم جار کورد وەك نەتەوەیەکی ستەملێکراو ناوی بچێتە ناو بڕیارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان، هاوکات لەوقۆناغەدا هەڵوێستی ئەمریکا لەپێناو پاراستن و گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان بەدیارخراوە.

## 1. پێشەکی:

دوای ئەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کۆتایهاتنی جەنگی سارد بەتەواوی ڕێگەی لەبەردەم والاَبوو، لەڕێگەی سەربازی یان بە سودوەرگرتن لە شێوازی دبلۆماسییەکان هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بسەپێنێت لەسەر عێراق، بۆیە دەبینین داگیرکردنی کوێت دەبێتە وێستگەیەک بۆ هەڵوێست وەرگرتنی ئەمریکا لە هەمبەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسیەکانی عێراق، بەتایبەتیش ڕاپەڕینی جەماوەری باشوور و دواتریش کۆڕەو بە کۆمەڵی کوردان، فشاری شەقامی ئەمریکا کاربەدەستانی حکومەتی ناچارکرد، هەنگاو بنێت بۆ بەرگرتن لە سیاسەتی تاکڕەوانەی عێراق لەبەرامبەر گەلی کورد.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەرێتەوە بۆ بەدیارخستنی لایەنە شاراوەکانی سیاسەتی ئەمریکا لەمەڕ پرسی کورد لەو ماوەیەدا، هاوکات کەمی ڕێژەی توێژینەوەی ئەکادیمی لە سنووری ئەم توێژینەوەیە، پاڵی بە توێژەرنا بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە، ئەمە جگە لەوەی ئەوەی لەم بارەیەوە نوسراوە تەنها لەنێو دەقی کتێب و سەرچاوە مێژوویەکاندایە کەئەمەش نەبۆتە هۆی تێرکردنی بابەتەکە، بەڵکو لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتری پێویستە لەچوارچێوەی بەڵگەنامە بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەکانی تایبەت بەپرسی کورد .

سەبارەت بە پلانی توێژینەوەکەمان، ماوە مێژوویەکەی سنوری توێژینەوەکە ئەوەی بەسەر توێژەردا سەپاندووە کەناوەڕۆکی توێژینەوەکەی بەسەر دەروازەیەک و دوو تەوەر پۆلین بکات، لە دەروازەدا، وەکو بەرچاوڕوونییەک بۆ توێژینەوەکە تیشک خراوەتە سەر داگیرکردنی کوێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بەکورد، لە تەوەری یەکەمدا، باس لە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی باشووری کوردستان، بەدیاریکراویش دیموکراتە ئۆپۆزسیۆنەکان فشاری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەورەیان لەسەر حکومەتی ئەمریکا دروستکرد و رۆژئاوایان تاوانبارکرد لەسەر نەهامەتی و دۆخی نالەباری کورد، تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش، دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکا هەڵمەتێکی سیاسی و ئابوری و میدیایی پەسند کرد بۆ دژایەتی حکومەتی عێراق، وەک حکومەتێک کە پێشێلی مافی مرۆڤ و هەموو یاسا نێودەوڵەتیەکانی دەکرد.

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە، سوود لە زۆر سەرچاوە وەرگیراوە، لە پێشەنگی ئەو سەرچاوانەش، بەڵگەنامە بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەکانی کۆشکی سپی و ئەرشیفی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمریکایە لەپاڵ ئەوانەش چەند سەرچاوەیەکی دیکە لە توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، لەوانە Puplic Papers of the Presidents of the United States, Book I, January 1 To June 30, 1991 هەروەها ،George Bush Dumbrell, John, American Foreign Policy: Carter to Clinton، یەکێک لە سەرچاوەکانی تر کە بەشێوەیەکی بەرچاو لەم توێژینەوەیە سودی لێوەرگیراوە کتێبی لامبرت، بيتر جي، الولايات المتحدة والكورد "دراسة حالات عن تعهدات الولايات المتحدة"، جگە لەمانەش پشت بە بیرەوەرییەکانی هەریەک لە مسعود بارزانی، بەناونیشانی بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد/ راپەرین - دەرفەت و ئاستەنگەکان ١٩٩١-٢٠٠٢، هەروەها بیرەوەری جەلال تاڵەبانی، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، کە دوو کارەکتەری سەرەکی ناو ڕووداوەکان بوونە بۆیە لە چەند شوێنێکی توێژینەوەکە توێژەر پشتی پێیان بەستووە.

**دەروازە / داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر کورد:**

کۆتاییەکانی جەنگی سارد کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری هاوسەنگی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکرد، بەجۆرێک ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتەواوی ڕێگەی لەبەردەمدا والابوو بۆ سەپاندن و پیادەکردنی خواست و داواکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی بەتایبەت لەوشوێنانەی پێویستی پێدەکات ئەوەش چ بە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازی و لەشکرکێشی یان بە سودوەرگرتن لەشێوازە دبلۆماسیەکان، گرینگترین ئەو ڕووداوە سیاسیانەی کەلەسەر ئاستی جیهاندا لەسەرەتای نەوەدەکان ڕوویاندا، کاریگەری گەورەیان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دروستکرد،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوانیش خۆی لە رووخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و داگیرکردنی کوێت دەبینیەوە، لەم سۆنگەیەوە داگیرکردنی کوێت لەلایان عێراقەوە وای لەئیدارەی بووشی باوک کرد کە پەنابباتە بەرهێزی سەربازی بۆ دەرکردنی سوپای عێراق لە کوێت، چونکە داگیرکردنی کوێت کاریگەری گەورەی دەکردە سەر سەقامگیری نرخی نەوت لەجیهاندا، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر ئابووری ئەمریکاوە هەبوو، هەروەک لە بەڵگەنامە ئەمریکیەکان هاتووە کە عێراق بەداگیرکردنی کوێت زیاتر لە پێنج یەکی نەوتی جیهانی ئەوکاتی دەکەوێتە ژێر رکێفی ئەمەش واتە دەستبەسەرداگرتنی بازاڕی نەوتی جیهان(Dumbrell, 1997, p. 154؛Bush, 1990, Document No, 290728SS).

دەستبەجێ و هەمان رۆژ لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بریاری (٦٦٠)ی پەسەندکرد، رۆژێك دوای داگیرکردنی کوێت لە ٣ی ئابی ١٩٩٠دا جیمس بەیکەر وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شیفەرنادزە وەزیری دەرەوەی رووسیا بەیانێکیان دەرکرد و، بەتوندی سەرکۆنەی داگیرکردنەکەیان کرد و عێراقیان ئاگادارکردەوە کە بە بێ هیچ مەرجێك لە کوێت بکشێتەوە(حسنی، ١٩٩٠، ل١٤٦-١٤٧).

لە ٨ی ئابی ١٩٩٠ سەرۆک بووش لە ووتارێکی راستەوخۆی لە راگەیاندن بۆ ئەمریکیەکان و جیهان پێشکەشکرد کە تێیدا چوار بنەمای نوێی وەک ستراتیژیەتی ئەمریکا سەبارەت داگیرکردنی کوێت ڕاگەیاند:

١ .پێویستە دەستبەجێ و بێ هیچ مەرجێک عێراق لەخاکی کوێت بکشێتەوە.

٢ .گەڕانەوەی حکومەتی شەرعی کوێت بۆ سەر دەسەڵات .

٣ .ئیدارەکەی لەسەر هەمان رێچکەی سەرۆکەکانی پێشوو لە سەرۆک رۆزفێلت تاوەکو سەرۆک ریگان دەبێت، کە بریتیە لە پابەندبوون بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری کەنداوی فارس.

٤ .پاراستنی هاوڵاتییانی ئەمریکا لە ناوچەکە.(Heritage, 1990, Document 789)

دواتر بڕیاری (678) لە تشرینی دووەمی ١٩٩٠ دەرکرا، بەپێی بریارەکە، ئەنجومەنی ئاسایش هەموو رێگایەکی بۆ دەرکردنی عیراق لەکوەیت بەڕەوا لەقەلەمدا، تاوەکو ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٩١ بواری بەعێراقدا لە کوێت بکشێتەوە و دیلەکانیش ئازاد بکات، هاوکات داوای لە وڵاتانی هاوپەیمان کرد

ئامادەکاری تەواو بکەن بۆ هاوکاری پێویست و پشتگیری جێ بەجێکردنی ئەم بڕیارە (205211 Bush, 1990, Document ).

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەرنامەی رزگارکردنی کوێت و روخانی رژێمی عێراقیان دارشت، بۆ سەرکەوتنی پلانەکانیشیان پێویستییان بە ئاوردانەوە دەکرد لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی، هەرئەوکات ڕاپۆرتەکانی بەکارهێانی چەکی کیمیاوی لە لایەن عێراقەوە دژی کورد، کە لە بیرچووبووە لە رۆژنامە و میدیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا جارێکیتر خرایەوە بەرگوێی ڕای گشتی، وەکو ئەوەی کە پەیامی ڕاگەیاندنێکی نوێ بێت، ئیدارەی بووش دیکتاتۆریەتی عێراقی وەک هیتلەرێکی تر باسکرد و گەیاندییە ئەوەی کە (هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر جیهان) ژمارەیەکی زۆر لەتوێژەران و ئەو کەسانەی لەناوەندە ئەکادیمی، رۆژنامەوانی و بڕیاردانی سیاسەتدا کە لە ساڵانی هەشتاکان و دواتر پشتگیری سیاسەتی دەرەوەی سەدام حسێن یان کردبوو، لەوکاتەدا بەشداریان لە هەڵمەتی سیاسی دژ بە سەدام حوسێن کرد، بێ هەستکردن بە پەشیمان بوونەوە لەو هەڵوێستەی پێشوویان(ئینتیسار،٢٠٠٤، ل.ل٣٠٧-٣٠٨).

هەروەک لە یاداشتێکی کۆشکی سپی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و تەواوی وەزارەتاکانی (داد، بەرگری، دارایی و دەرەوە)ی ئەمریکای ناردووە بەمەبەستی سزادان و گەمارۆخستنە سەر عێراق دوابەدوای داگیرکردنی کوێت، ئاماژەی کردووە بە کردارە توندوتیژەکانی حکومەتی عێراق دژی کوردەکان کە کەمایەتیەکن لە ساڵی ١٩٨٧وە بەردەوام شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران و راگواستنیان دەرهەق دەکرێت، بەشێوەیەک (٣٠٠٠) گوندیان وێرانکراوە، (٥٠٠) هەزار کەس دەربەدەربووە، بەدەیان هەزاریان بەچەکی کیمیایی کوژراوە، سەرەرای ئەوەش عێراق بەردەوامە لە پەرەپێدانی چەکی کیمیایی لەپێناو سەرکوتکردنی گەلەکەی (Memorundom to National Security Council, 1990).

ئەمریکا لە کردەیەکی سەربازی لەژێر ناوی (گەردەلولی بیابان)[1] توانی سەرکردایەتی هێزی هاوپەیمانی نێودەولەتی بکات و دەوڵەتی کوێتی داگیرکراوی لە ژێر چنگی ڕژێمی عێراق ڕزگار کرد، ئەویش دوای ئەوەی هاوپەیمانییەک بە سەرکردایەتی ئەمریکاو بە بەشداربونی (٣٠) دەوڵەت پێکهات، ئەم هاوپەیمانییە لە ١٧ی کانوونی دووەم تاوەکو ٢٤ی شوباتی ١٩٩١ لەگەڵ عێراق کەوتنە جەنگی

سەربازییەوە، کەبە(جەنگی دووەمی کەنداو ناسرا)، لە ئەنجامـدا عـێراق لـەو جەنگەدا شکستی خـوارد و سـوپاکەی لە کوێت دەرکـرا، بریاری (٦٨٧)[٢] نەتەوەیەکگرتووەکانی بەناچاری پەسـەندکرد، دوای ئەوەی (١٥٠) هـەزار کوژراوی لە سەرباز و سڤیل، (١٧٠)ملیار دۆلار زیانی لێکەوت(سلوغلت، ٢٠٠٣، ص٣٧١).

ڕاستەوخۆ دوای کشانەوەی سوپای عێراق لە خاکی کوێت، لە ڕێکەوتی ٣ی ئاداری ١٩٩١ ڕێکەوتنێک لەنێوان هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی ژەنەڕاڵ (نۆرمان شوارزکۆف)[٣] شاندی سوپای عێراق بەسەرکردایەتی لیواء (سوڵتان ئەحمەد هاشم ئەلتای)[٤] هاتە ئاراوە لە چادرێک لە فرۆکەخانەی سەفوان لە باشوری عێراق نزیک سنوری کوێت بۆیە بەرێکەوتنی (سەفوان) دەناسرێت، گرینگترین بنەماکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە ئەم چەند خاڵەی خوارەوەی لەخۆدەگرت:

١ .ڕازیبوونی عێرق بە داننان بە دەوڵەتی کوێت و سنوری نێوانیان.

٢ .پابەندبوونی عێراق بە سەرجەم بڕیار و یاساکان کە لەماوەی داگیرکردنی کوێت دەرکراون.

٣ .پابەندبوونی عێراق بەدانەوەی هەموو ئەو زیانە دارایانەی کە بەهۆی بریارە نێودەوڵەتیەکان بەسەر عێراقدا سەپێنراون.

٤ .دەستهەڵگرتنی عێراق لە بەرنامەی سەربازی و چەکی کیمیایی.

٥ .هەماهەنگی یەکتر سەبارەت بە ئاشکراکردنی کێلگەکانی مین.

لەدرێژەی گفتۆگۆکانی ڕێکەوتن شاندی عێراق داواکاریەکی سەرسورهێنەری هەبوو کە ڕێگەپێدانی بەکارهێنانی کۆپتەری لە ئاسمانی عێراق تەنها بۆ گواستنەوە و ئاوادانکردنەوە، ژەنەراڵ شوارزکۆف ڕەزامەندیدا بەو مەرجەی دووربێت لەم شوێنانەی کە بنکەی هێزی هاوپەیمانانی تێدایە (Jamieson, 2014, pp. 1-4)

بەسەیرکردنی کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر عێراق، دەبینین کە عێراق لێرە بەدواوە ئەو هێزە مەزنەی لەدەستدا کە کوردستانی پێ کۆنترۆڵ کردبوو .

سەبارەت بە هەڵوێستی کورد، دوای دەستپێکردنی شەڕ بەرەی کوردستانی ڕاستەوخۆ کۆبوونەوەیەکی گرێدا کە ئەم بڕیار و هەڵوێستانەی لێکەوتەوە:

١ -سەرکۆنە و تاوانبارکردنی داگیرکردنی کوێت.

٢-لەوماوەیەدا بەووردی چاودێری بارودۆخەکە بکرێت و پەلەنەکرێت لە چالاکی سەربازی و پێشمەرگایەتی.

٣ -ئامادەکاری بۆ هەموو ئەگەرەکان.

٤ -لێژنەی بەرەی کوردستانی لەدەرەوە دەست بە هەوڵێکی چروپڕی دبلۆماسی بکەن لە چوارچێوەی ئەم بریارانە.

٥ -کۆبوونەوەکانی بەرە بەردەوام دەبن بەمەبەستی بەدواداچوون و چاودێریکردنی بارودۆخەکە(بارزانی، ٢٠٢٢، ل.ل٤٤-٤٥)

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی درکیان بەوەکردبوو، کەیەکێک لەهۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی کەنداو و داگیرکردنی کوێت لەلایان عێراقەوە، نەرمی نواندنی رۆژئاوابوو بەرامبەر عێراق، دوای جەنگی عێراق-ئێران(کیسنجر، ٢٠٠٣، ص١٩٦)

ئیدارەی بووشی باوک وەک ئیدارەکانی بەرلەخۆی داکۆکی لەرەفتارەکانی خۆی کرد، گەورە بەرپرسانی حکومەتیش گەواهی خۆیاندا لەبەردەم کۆنگرێسدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشیان لەوە دەڵنیاکردەوە، کە تاکە ئامانجی ئەمریکا رزگارکردنی کوێت بووە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە و تێپەراندنیشی، پێشنیارکرا کە دەبێت پشتگیری ناوەخۆیی عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ بەردەوام بوون لە جەنگ مسۆگەر بکرێت(کیسنجر، ٢٠٠٣، ص١٩١).

بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر زوو هەستیان بەوەکرد، کە بۆ پشتیوانیکردنی دۆزی کورد پێویستییان بەوەهەیە کە بەزووترین کات خۆیان بگەیننە کەسانی بریار بەدەستی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە سە روهەموویانەوە جۆرج بووش، دواتر تێگەیشتن، کە رێگایەکی دوورودرێژیان لەبەردەم دایە و گەیشتن بە بووش هەروائاسان نییە، چونکە ئەوکاتەی بووش لە ١٥ی شوباتی ١٩٩١ داوای لە خەڵکی عێراق کرد کە لە دژی سەدام حسێن راپەرن زیاتر مەبەستی سونەی بەغداد ودەوروبەری بوو نەوەک کورد و شیعە(کۆچێرا، ٢٠٠٢، ل١٠٤) .

لە رۆژی داگیرکردنی کوێت لەلایان عێراقەوە، جەلال تالەبانی لە دیمەشقی پایتەختی سوریا لەماڵی خۆیدا ڕایگەیاند کە سەدام حسێن هەڵەیەکی گەورەی کردووە و داگیرکردنی کوێتیش دەبێتە هۆی لەناوچوونی سەدام حسێن، هەمان رۆژ جەلال تالەبانی دووەم سەردانی خۆی لەماوەی دووساڵدا بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدا، بەوهیوایەی لە بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ گەلی کورد، بەپێی لێکدانەوەیەک تاڵەبانی لەگەڵ بەرپرسانی مام ناوەندی دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە کۆبۆوە و پێشنیازی ئامادەکردنی (٣٠٠٠) چەکداری لە باشوری کوردستان کرد، کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ئامادەی بکات بەمەبەستی هاوکاری هیزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، تالەبانی دیسان پێشنیازی شەرکردن و هێرشکردنی پێشمەرگەی کرد لەهەموو شارەکانی عێراقدا ئەویش بەمەبەستی کۆششکردن بۆ لەناوبردنی سەدام حسێن لەبەرژەوەندی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام کاربەدەستانی ئەمریکا ئامادەی پێشوازیکردن لە بۆچوونەکانی تالەبانی نەبوون، جەلال تالەبانی کاتێک لە ئەمریکا بوو دیسان بەئاشکرا لەگەڵ سیناتۆر (گلایبۆرن بیل)ی سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران و سیناتور (جۆن کێری) سەرۆکی کۆمیەتی دووەمی پەیوەست پرسەکانی تیرۆریزم کۆبۆوە، بەڵام هیچ کام لەم دوو سیناتۆرە نە پشتگیری ئەوەیان کرد کە ویلایەتەیەکگرتووەکان خۆی بە راپەرینی چەکداری کورد دژی سەدام حسێن خەریک بکات، نە بەڵێنی ئەوەشیاندا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیری دارایی بۆ بزوتنەوەکانی ئۆپوزسیۆنی عێراقی رێکبخات)تاڵەبانی، ٢٠١٩، ل.ل٣١٢-٣١٣؛.(Mcdowall, 2007, pp.369-370

چونکە جەلال تالەبانی بەتەنیا بوو، هیچ نوێنەرەکی پارت و رێکخراوە بەرهەڵستکارەکانی دیکەی کوردی ناوبەرەی کوردستانی لەگەڵ نەبوو، بەتایبەت مەسعود بارزانی و نەوشێروان مستەفا بەڕاشکاوانە ڕایانگەیاند وەکو بەرەی کوردستانی ناکرێت بخزێنە ناو جەنگێکی لەم شێوەیە کە دواتر ئەنجامەکەی کیمیابارانکردنی میللەتەکەمان بێت، تەنانەت لەوکاتەدا متمانەیان بە ئەمریکاش نەمابوو کە لەدۆخێکی ئاوا پارێزگاری لە کورد بکات، لەولاشـەوە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم هەوڵانەی جەلال تاڵەبانی هەڵەن و ناکرێ لە هەموو کاتێکدا کورد بڕوای بە ئەمریکا هەبێت و متمانەی پێ بکات(مستەفا، ٢٠١٨، ل.ل٧٤-٧٥؛ تاڵەبانی، ٢٠١٩، ل١٩٦).

لە ٢٧ی شوباتی ١٩٩١دا واتە چەند کاتژمێریک بەر لەکۆتایی هاتنی جەنگی کوێت سێ نوێنەری کورد ( جەلال تالەبانی، هۆشیار زێباری و سامی عبدالرحمن) بە فەرمی لە یەکێک لە نوسینگە سیاسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، پێشوازیکران کە چەند کەسایەتیەک لە سیناتورە گەورەکانی ئەمریکا ئامادەنەبوون بەشداری کۆبوونەوەکەبن، بەڵام لەلایان سیناتۆر (کلایبۆرن پیل) نوێنەری دیموکراتەکان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و سەرۆکی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی پیران پێشوازی کران و لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژەیکرد کە (ئایندەی پێنج ملیۆن کوردی عێراق و بیست ملیۆن کوردی ناوچەکە کە لە چارەسەری ناکۆکیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەبێت لە کارنامە و دەستوری کاری هەر کۆنفرانسێکدا بێت) وە داخوازی دانیال میتران کە لەگەڵ نوێنەرانی کورد بوو لەو سەردانەدا ئەوەبوو ڕایگەیاند (نابێت جارێکی تر دەنگی کورد بە چەک کپ بکرێتەوە) بەڵام نوێنەری کۆمارییەکان و حکومەتی ئەمریکا سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا ڕایانگەیاند "**ئێمە دەزانین کوردەکان لەناو عێراق پیگەیەکی بەهێزیان هەیە، بەڵام ئەوانی تر چی؟ ئیسلامیەکان چی؟ بەهەرحاڵ کۆتا مەبەستی ئێمە دوورە لە ناسیونالیزم و بەهێزکردنی کۆمەڵە ئاینی و نەتەوەیەکان، ئێمە نامانەوێت هەمان هەڵەکانی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ دووبارە بکەینەوە، ئەمجارە سی ئای ئەی کۆنترۆڵکراوە، کە پێشتر هۆکاربوو بۆ پشتیوانی و کۆمەکی بارزانی**" بەم شێوەیە حکومەتی ئەمریکا نەیدەتوانی پێشوازی لە جەلال تالەبانی و هۆشیار زێباری بکات و ئەوکات لێپرسراوی کاروباری عێراق لە کۆنگرێسدا بە توندی نارەزایەتی دەربری (The White House, 1991, Document, 91045؛ کۆچێرا، ٢٠٠٢، ل.ل١٠٤-١٠٥.

ئەم پێشوازی نەکردنەی حکومەتی ئەمریکا لە رۆژی ٢٧ی شوباتی ١٩٩١ دا نوێنەرانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی کوردی لە عێراقدا بێ هیوا نەکرد و بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان بۆ بینینی کاربەدەستانی باڵای حکومەتی ئەمریکا، ئەوە بوو لە دوای ٢٨ی شوباتی هەمان ساڵدا جارێکی تر کاربەدەستانی حکومەتی ئەمریکا پیشوازی کوردیان ڕەتکردەوە، بەڵام سەرکردە بەرهەڵستکارەکانی کورد لە درێژەی هەولە فەرمی و نافەرمیەکانی زۆر بەروون و ئاشکرایی ئاماژەیان بە ڕوودانی راپەرینێکی جەماوەریان لە ماوەیەکی کورتدا دەکرد، جەختیشیان لەوە دەکردەوە کە عێراقیەکان زۆر لە سەدام حسێن بێزارن و لایەنگیری ئەمریکا دەکەن، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەی کە سەرکردایەتی سیاسی کورد کردی، لەپێناو گەیاندنی پرسی رەوای کورد بە سەرکردە باڵاکان و بریار بەدەستەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و باوەرپێهێنانیان بۆ پشتگیری و پشتیوانی کوردەکان لە عێراق، ئەگەرچی بەپێچەوانەوە هیچ لێپرسراوێکی باڵادەستی ئەمریکا نەیدەویست گوێیان لێبگرێت (The White House, 1991, Document, 91045) تەنانەت (ریچارد چیفتەر)ی یاریدەدەری وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری مرۆیی پێشتر بەڵێنی بینینی پێدابوون، لە بەڵێنەکەی خۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشگەزبووە، کاتێک سێ نێردراوی کورد بەپێی بەڵێنێک گەیشتنە هۆلەکەی وەزارەتی دەرەوە، فەرمانبەرێکی ئاسایی پێشوازی لێکردن و ئەویش هەر پێشنیازی قاوەخواردنەوەیەکی لە دەرەوەی وەزارەت بۆ کردن بەپێی رەفتارە دیبلۆماتیەکانی ئەمریکا تەنها رێزگرتنێکی دەگەیاند، ئەوکات پلان دارێژەر و سیاسەتمەدارانی ئیدارەی بووش بەرهەڵستکارە عێراقیەکانیان بە داردەستی ئێران و سوریا دادەنا و هەلسەنگاندنیان وابوو بە ویست و بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە هەرێمیانە ئاراستە دەکرێن(ڕاندال، ٢٠٠٣، ل.ل١٢٥-١٣٥).

بەپێچەوانەوە دیموکراتەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکا و لە راگەیاندنەکاندا کۆمەکی گەورەی دۆزی کوردیان دەکرد، ئەمەش هۆکاربوو لەلایەکەوە ببووە جێگای نیگەرانی سەرکردایەتی سیاسی کورد و لەلایەکی تریشەوە جێگای خۆشحاڵی بوو بۆ سەرانی کورد کە لەئەنجامی ئەم ململانێیەی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکادا کورد بتوانی سود وەربگرێت و پشتگیری لایەکی کۆنگرێسی ئەمریکا کە دیموکراتەکان بوو بەدەست بهێنێت لەپێناو خزمەتی دۆزی کورد.

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکانی هێزی هاوپەیمانان دژی عێراق، کوردەکان لەوەترسیان هەبوو کە ببنە قوربانی جەنگێک کە پشتگیرییان نەکردووە، بەتایبەتی لە ئەنجامی بۆردومانەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە بنکەی هێزی ئاسمانی ئەنجەرلیکەوە لە خاکی تورکیا بۆ ئامانجەکانیان لە باکووری رۆژئاوای عێراق کە دانیشتوانەکەی کوردن زیانیان بەربکەوێت، لەلایەکی دیکەوەش کوردەکان مەترسی وەڵامدانەوەی کوێرانەی حکومەتی عێراقیان دژی هێرشەکانی لە خاکی تورکیا و دژە هێرشەکانی تورکیا هەبوو کە مالوێرانی کوردی لێبکەوێتەوە، هەروەک لە سەرچاوەییەک ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، ئەگەر تورکیا شەڕی عێراق بکات، ئەوا بەشێوەیەکی سەرەکی دانیشتوانی کورد زیانمەند دەبن، مەسعود بارزانی هەوڵیدا ناوچە کوردیەکانی عێراق بکەونە دەرەوەی ئەو ناوچانەی نا ئارامن، ئەمەش لە ڕێگای رەتکردنەوەی فشاری دەرەوە بۆ کردنەوەی بەرەی دووەم دژی هێزەکانی سەدام حسێن، گرفتی سەرەکی بارزانی ئەوەبوو، ئەگەر بەرەی دووەمی جەنگ دروست ببوایە ئەوا دەشێت سەدام حسێن لە وەڵامدا چەکی کیمیایی دژی لادێکانی کورد بەکاربهێنێت هەروەک چۆن لە ١٩٨٨ ئەو چەکەی بەکارهێنا(ئینتیسار،٢٠٠٤، ل.٣٠٩).

هاوتەریب لەگەڵ رووداوەکانی جەنگ و نزیکبوونەوەی هێلی پەیوەندی بزووتنەوەی کورد و تورکیا، سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بووش لە ١٥ی شوباتی ١٩٩١ بۆ پشتگیریکردنی هێرشی زەمینی سوپای هاوپەیمانان ئاماژەی بەراپەرینی عێراقییەکان کرد و گوتی "شێوازێکی تر هەیە بۆ رێگرتن لە خوینرێشتن، ئەوەش لە رێگای دەسەڵاتگرتنی گەل و سوپای عێراق، ناچارکردنی سەدام حسێنی دیکتاتۆر بۆ دەستبەرداربوونی لە دەسەڵات" ئەم راگەیاندنە بەرهەڵستکارانی عێراقی سەرلەنوێ بە ئاگاهێناوە (Bush, 1992, p. 145)هاوکات لەگەڵیدا پەیامێک بوو بۆ وڵاتە هەرێمی و جیهانییەکان کەداهاتوو بە قازانجی سەدام حسێن نیە (الشمراني، ٢٠٠٣، ص١٧٩).

لەهەمان کاتدا دوای تێکشکاندنی سوپای عێراق لەبەرەی باشووردا لەلایەن هێزەکانی ژێرسایەی سەرکردایەتی ئەمریکاوە ئێزگەیەکی رادیۆیی بەرێوەدەبرا لەلایەن سی ئای ئەی بەناوی (دەنگی عێراقی ئازاد) کە لەشاری جدەی عەرەبستانی سعودیە دامەزرابوو، ئەمەش هانی ڕاپەرینی کوردی دابوو بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک و کوردەکانی گەیاندبووە ئەو بروایەی کە یارمەتی دەرەکیان پێدەگات، ئەگەر ڕابەرایەتی ڕاپەرینێک بکەن دژی حکومەتی عێراق (Little, 2010, p.91)، بەڵام بۆچوونەکەی سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵە دەرچوو، چونکە دوای سەرهەڵدانی راپەرینی کورد لە باشووری کوردستان و رزگارکرنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نەک هەر یارمەتی کوردیان نەدا بەڵکو سیاسەتێکی وا کەنارگیریان بەرامبەر خەڵکی کوردستان نواند کەوای لە رژێمی عێراق کرد لەماوەی چەند رۆژێکدا ڕاپەینەکە سەرکوت بکات و زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستانیش بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی(مستەفا، ٢٠١٨، ل.٨٢).

### تەوەری یەکەم / هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی باشووری کوردستان ساڵی ١٩٩١:

شکستی سوپای عێراق لەبەردەم هێزی هاوپەیمانان، کاریگەریەکی زۆری لەسەر توانا سەربازیەکانی سوپای عێراقدا بەجێهێشت، ئەمەش هەلێکی لەباری بۆ دانیشتوانی باشوری عێراق رەخساند کە بەهاوکاری ژمارەیەک ئەفسەر و سەربازی ناو سوپای عێراق لە رێکەوتی ١ی ئاداری ١٩٩١ دژی دام و دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەت ڕاپەرن، لەماوەیەکی کەمدا شارەکانی کەربەلا، نەجەف، ناسریە، عمارە، کوت و دیوانیە ئازادکران و زۆربەی شارەکانی باشووری عێراق کەوتنە دەست جەماوەر تەنها

بەسرا نەبێت بەهۆی بوونی یەکەی ٥١ی سەربازی کەتەواوی چەکی قورسی جەیشی لەدەست بوو، بەڵام زۆری نەخایەند لەبەرترسی باڵادەستبوونی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە، ئەمریکا و هاوپەیمان دەرفەتیان بە عێراقدا بۆ ئەوەی ئەو بەشە و یەکە سەربازیانەی سوپاکەی کە زیانیان پێنەگەیشتبوو بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەرینە جەماوەریەکەی خوارووی عێراق سود لە چەکەکانی وەربگرێت، تەنانەت چاوپۆشی لە یەکێک لە بنەماکانی ڕێکەوتنی (سەفوان) کرا، کەتایبەت بوو بە ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر بۆ بۆردومانکردنی خەڵکەکەی(السامرائي، ١٩٩٧، ص٤١٣-٤١٥).

ڕاپەڕینی کورد لە کوردستانی عێراق دژی حکومەتی بەغدا لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ لە شارۆچکەی (ڕانیە) دەستپێکرد و ڕووی لە پارێزگا سەرەکییەکانی وەک سلێمانی، هەولێر، دهۆک و شارۆچکەکانی ئەو پارێزگایانە کرد(مستەفا، ٢٠١٨، ل٥١-٥٢) لە ١٣ی ئازاردا سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کۆنترۆڵی تەواوەتی خۆی بەسەر تەواوی هەرێمی کوردستاندا ڕاگەیاند، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنەکانی ڕاگەیاند، و پێکهێنانی ئیدارەیەکی کاتی تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستانی عێراق ئەنجام دەدرێت، حیزب و عەشیرەت و خێڵەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینەدا، هێزە کوردییەکان توانیان دەست بەسەر هەموو ئەو دامەزراوە سەربازی و ئەمنی و مەدەنیانەی کوردستاندا بگرن کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقی دابوون(طالباني، ٢٠٠٩، ص٥٠٨).

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە میدیای ڕۆژئاوا، بە تایبەت میدیای ئەمریکی، وێنەیەکی بە جیهان دابوو کە هێرشی ئەمریکی بۆ سەر عێراق لە ڕێگەی (گەردەلوولی بیابان)ەوە هەموو یەکە سەربازییە ئاساییەکانی لەناوبردووە، لەوانە هێزەکانی پاسەوانی کۆماری، هەروەها دەزگا ئەمنییەکانی (هەواڵگری، ئاسایش و ئەوانی دیکە)، بەرەی کوردستانی شکستی سەربازیی عێراقی لە بەردەم هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی قۆستەوە، وەک چۆن لایەنە کوردستانییەکان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو ڕاپەڕینەیان دەکرد، ئەو لایەنانە بەبێ شەڕی ڕاستەقینە لە ژێر ڕۆشنایی دارمانی مۆڕاڵی یەکە سەربازییەکانی عێراق کە لەوێ ئامادەبوون، کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر باشووری کوردستاندا سەپاند(البزاز، ١٩٩٨، ص١٧٤).

جێگای باسکردنە کە تورکیا - دوای داگیرکردنی کوێت بۆ ئەوەی خۆی لە مەترسی دەستبەجێ لە سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق بەدوور بگرێت، بۆ ئەوەش بەڵێنەکانی خۆی و بەشداریکردنی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیابان (جەنگی دووەمی کەنداو) لەپای ئەو بەڵێنە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگە بە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە باشووری کوردستان نادات.(Anderson and Stansfield, 2004, p.172)

لە ئەنجامی ئەمەدا جموجۆڵی هێزە عێراقییەکان لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ١٩٩١ بۆ کوردستان دەستپێکرد، لەهەمان کاتدا سەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا لە ١٣ی ئازار نامەیەک دەنێرن بۆ سەرۆک بووشی باوک داوادەکەن ئەمریکا پارێزگاری لە کوردەکان و خەڵکی عێراق بکات، کە لەئێستادا منداڵ و ژنی کورد لە کەرکوک و ناوچەکانی کوردستان کەوتوونەتە بەرشاڵاوی  حکومەتی عێراق و ڕووداوی تراژیدیای لێکەوتۆتەوە، چونکە ئەم خەڵکە لە باکوور و باشووری عێراق ڕاپەرین وەک وەڵامێکی ناراستەوخۆ بۆ بانگەوازەکەی سەرۆکی ئەمریکا بەمەبەستی لادانی سەدام حسێن لەپۆستەکەی، لایەنی کەم هەوڵبدرێت لەرێگەی رێکخراوە مرۆییەکان و کۆمەڵگای نێودەولەتی هاوکاریەکانی وەک خواردن و دەرمان بگەینن بە خەڵک، بەڵام ئیدارەی بووش بێ دەنگی هەلدەبژێرێت و وەڵامی ئەم نامەیە ناداتەوە تاوەکو ٢٨ی ئازار (The White House, 1991, Document 9104576) تەنانەت وەڵامی کۆشکی سپی بۆ نامەکەی سەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، وەڵامێکی ئەوتۆنەبوو تەنها ئاماژەی بەوەداوە حکومەتی ئەمریکا نیگەرانە لە پێشێلکارییەکانی عێراق دژی کوردی کەمینە و ئەم نیگەرانیانە گەیندراوەتە سەرکردەکانی عێراق لەچوارچێوەی چەسپاندنی بەرنامەی مافەکانی مرۆڤ  لە عێراق، لەگەڵ ئەوەش بووش پێشوازی لە هەوڵەکانی خەڵکی عێراق دەکات بۆ لادانی سەدام حسێن و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی بەشێوەیەک هاوڵاتیانی لەئاشتی بژین و پەیوەندیەکی دۆستانەی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت، ئەمریکا لایەنگیری هیچ پارتێکی بەرهەڵستکار و گروپێکی تایبەت ناکات، بەڵکو دەبێت خەڵکی عێراق خۆی پێکهاتە و شێوازی حکومەتەکەیان دیاری بکەن بێ هیچ دەستێوەردانێکی دەرەکی (The White House, 1991, Document 9104576).

شایانی باسە کۆنگرەی نەتەوەیی ئاشوری وەک بەشێک لە پارتی بەرهەڵستکارانی عێراقی لە کۆتایی ئازاری ١٩٩١ نامەیەک بۆ سەرۆک بووش دەنوسن سەبارەت بە دۆخی عێراق و هێرشە بێ بەزەییەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد و ئاشوریەکان، بۆیە داوای بینی خودی سەرۆک بووش یان کاربەدەستە باڵاکانی کۆشکی سپی دەکەن، بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری پێویست دژی سەدام حسێن و شاڵاوە سەربازییەکانی، هاوکات چەندین بابەتیان لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەمریکا لەسەر دۆخی عێراق بڵاوکردەوە، کە دواتر فشارێکی میدیایی گەورەی لەسەر کۆشکی سپی لێدەکەوێتەوە، سەبارەت بە وەڵامی داواکاری ئاشوورییەکان کۆشکی سپی پێشنیار دەکات لە بری سەرۆک بووش، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا چاوی بە گرووپە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بکەوێت ( Bush, 1991, pp. 379-381)

هەر لەم سەروبەندەدا بوو سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە عێراق نامەیەک لە ١٩ی ئازار دەنێرێت بۆ سەرۆک بووش، سەبارەت بە دۆخی خراپی خەڵکی عیراق و هێرشە دڕندەکانی حکومەتی عێراق، داوای کاردانەوە و هاوکاری دەستبەجێی ئەمریکا دەکات، بەڵام ئەم هەوڵەش لەلایان کۆشکی سپی پشتگوێ دەخرێت(The White House, 1991, Document, 9105165).

ئەمەش وایکرد حکومەتی عێراق بە پاڵپشتی فرۆکە، هەروەها تانک و زرێپۆش و چەکی قورس، لە ٢٨ی ئازاری ١٩٩١ دەستیان بەسەر شاری کەرکوك دا بگرنەوە و دواتریش لە چەند بەرەیەک بەرەو ناوچەکانی دیکەی هەولێر و سلێمانی و دهوک ڕۆیشتن(بارزانی، ٢٠٢٢، ل٧٥)، ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێ لە هەموو کوردستاندا بڵاوکردەوە، لەم ماوەیەش کۆچێکی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا ڕوویدا، هێزە عێراقییەکان لە پێشرەوی بەردەوام بوون و بەڵام پێشمەرگە چەکێکی وایان پێ نەبوو کە بتوانێت ڕووبەڕووی هێزە عێراقییەکان ببێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕوون بووەوە کە هێزەکانی هاوپەیمانان ئامادە نین بۆ لەدەستدانی کۆنترۆڵی بەغدا لە وڵاتەکە، لە ترسی ئەوەی کە ئەمە دەبێتە پێشەنگێکی دابەشکردنی عێراق.(Mcdowall, 2007, p.372)

وێرای ئەوەش بۆ ڕێگریکردن لە درێژکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی عێراق، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگەی بە سوپای عێراق دا جارێکی دیکە کاریگەریی خۆی بەسەر ناوچە کوردنشینەکان درێژ بکاتەوە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو پێشێلکارییە مرۆییانەی کە کاریگەرییان لەسەر

زۆرێک لە کوردەکان هەبوو، کە ناچار بوون ناچاربوون ڕابکەن بۆ سنووری وڵاتانی دراوسێ (العزاوي، ٢٠٠٩، ص٤٢)، (پیتەر گالبرەیت) لە کتێبەکەی (کۆتایی عێراق) دەڵێت : "هیچ پشتگیرییەکی ئەمریکی بۆ کورد نەبوو، بە پێچەوانەوە وا دیار بوو واشنتۆن ویستبێتی ڕاپەڕینەکە هەرەس بهێنێ"، (گالبریت، ٢٠٠٧، ل.ل٧٩-٨٠).

هەروەها سیناتۆری پێشووی دیموکراتەکانی ئەمریکا (جەیمس ویلیام فولبرایت) لە بەرگریکردن لە ئیدارەی سەرۆک (جۆرج بوشی باوك) گوتی: سەرکەوتنی شیعەکان لە باشووری عێراق لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبووە، چونکە ئێران بەهێز دەکات و کاریگەری لە ناوچەی کەنداو و هەڕەشە لە بەرژەوەندی نەوتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە دەکات، هەروەها ڕایگەیاند کە سەرکەوتنی کورد لە بەرژەوەندی ئێمە نەبووە، لەبەرئەوەی پێگەی تورکیای هاوپەیمانی ستراتیژیمان ناسەقامگیر دەکات و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی لە عێراقدا لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نییە، چونکە هاوپەیمانەکانی لە وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەوە سیستەمێکی لەو شێوەیە پەیڕەو ناکەن(ئەحمەد، ٢٠١٩، ص١١٤؛ السامرائي، ١٩٩٧، ص٥٨).

بەو پێیەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو لایەنە بوو کە بانگهێشتی عێراقی کرد و ڕایگەیاند کە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا ناکات، هەروەها سەرۆکی ئەمریکا ئەوەی دەرخست کە لە تاڵاوەکانی عێراقدا بەشداری ناکات، وەک ژەنەراڵ (نۆرمان شوارزکۆف) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە ٢ی نیسانی ١٩٩١ لە قاهیرە بەڕێوەچوو ڕایگەیاند : شۆڕشی کورد لە سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمی کەنداو سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو کێشەی کورد سەدەیەکە لە ئارادایە(محمد، ٢٠٠٩، ص١٣٥)، بووش و ڕاوێژکارە باڵاکانی باوەڕیان وابوو بە لادانی سەدام دەسەڵاتی ناوەندی نامێنێت و بۆشایی سیاسی لەعێراق دروست دەبێت، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی.

دوای هێرشە بەربڵاوەکانی هێزەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر کوردستان، ترس و نیگەرانیەکی زۆر لای خەڵک لەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی تەشەنەی کرد، هەربۆیە بەرلەگەیشتنی هێزەکان بۆ ناوەندی شارەکان، زۆربەی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان ڕوویان لەسنورەکانی تورکیا و ئێران کرد، ئەم ڕووداوە تراژیدیاش بە کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستان ناوی دەرکرد(بارزانی، ٢٠٢٢، ل٧٦)،

تەنانەت توێژەرێک ئاماژە بەوەدەکات کە هەڵوێستی ئیدارەکەی بووش و بەیکەر لەم قۆناغەدا زۆر خراپتربوو لە هەڵوێستی پێشووی نیکسن و کیسنجەر بەرامبەر بەپرسی کورد لە عێراق (Little, 2010, p.92).

سوپای عێراق توانی راپەرینەکە دابەمرکێنتەوە و ناوچەی کوردستان کۆنترۆڵ بکات و سەدان هەزار کورد بەرەو وڵاتانی دراوسێ هەڵاتن، دواتر کوردەکان خۆیان لە بارودۆخێکی لەڕادەبەدەر سەختدا بینیەوە، ئەمەش وای لێکرد بگەڕێنەوە بۆ خاڵی دەستپێک (داواکاری ئۆتۆنۆمی)، کە تاکە ڕێگەیە بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا، بۆ مسۆگەرکردنی گەڕانەوەیان لە لایەک و بەدیهێنانی کەمترین داواکارییەکانیان لە لایەکی ترەوە، بە تایبەت کە وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی - وەک ئاماژەی بۆکرا - رەتیانکردەوە دەستوەردانی سەربازی بکەن لەبەرامبەر سوپای عێراقدا(محمد، ٢٠٠٩، ص١٣٣).

هۆکاری زوو پووکانەوە و کۆتایی پێهاتنی ڕاپەڕینی کورد بۆ چەند هۆکارێکی ناوەخۆیی و دەرەکی دەگەڕێتەوە، بە بۆچوونی توێژەران گرنگترینیان بریتی بوون لە نەبوونی پلانێك بۆ بەڕێوەبردن و بەرگریکردنی لە شوینە رزگارکراوەکان، هەروەها راپەرینەکە هاوکات نەبوو لەگەڵ کاتی جەنگی نێوان هاوپەیمانان و عێراق، بە واتایەکی دیکە ئەگەر راپەرین بە چەند رۆژێک لە پێش ٢٧ی شوباتی ١٩٩١ بەرپابووایە، ئەوا بە شێوەیەکی راستەوخۆ ڕاپەریووان دەبوونە هاوپەیمانی هاوپەیمانێتیەکەی ئەمریکا و وتارەکەی جورج بوش هەر لەم پێناوەدا ئامانجی خۆی دەپێکا(حەمەکەریم، ٢٠٠٧، ل.ل ٩٢-٩٣).

لەژێر فشارەکانی سەرۆکی تورکیا ئۆزال بۆ سەرۆکی ئەمریکا بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری کورد لەسەر سنورەکان کە بەنزیکی (٢٥٠) هەزار کەس دەخەملێنرا زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، بەردەوام لە زیادبوون چاوڕواندەکرا ئەم ژمارەیە بۆ (٦٠٠) هەزار بەرزبێتەوە بەهۆی هێرشە بەردەوامەکانی حکومەتی عێراق، هەروەها فشاری سەرۆکی فەرنسا فرانسوا میتران، سەرۆک بووش ناچارکرد چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی هەریەک لە وڵاتانی (ئەلمانیا، بەریتانیا، یابان، چیکوسلۆڤاکیا و سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا) سەبارەت بەکورد ئەنجام بدات، بەمەبەستی بەشداریکردن بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی ئارامی و گەیاندنی هاوکاری مرۆیی

لەپێناو ڕێگەگرتن لە بەردەوامی کۆڕەوی کوردەکان (The White House, Documents 4523, 2755, 2605 and 2835).

کۆڕەوی کوردانی باشوور لە میدیا و ناوەندە کاریگەرەکانی واشنتۆن، لەندەن، پاریسدا دەنگدانەوەی هەبووە، تەنانەت سەرۆکی تورکیا، هاوسەری سەرۆکی فەرەنسا، وەزیرانی فەرەنسا، سیناتۆر و دیپلۆماتکارانی ئەمریکا، ئەندامانی ئەنجومەنی لۆردەکان لە بەریتانیا دەستیانکرد بەلۆبیکردن و نوسین لە ستوونی ڕۆژنامە باناوبانگەکان بە شێوازی جیاوازی خۆیان و بە شێوەیەکی کاریگەر بەناوی کوردی عێراقەوە کاریان دەکرد، وێنەی کارەساتی کوردەکان لەمیدیاکانی بینراو بەشێوەی سەرسورهێنەر ڕای گشتی گەلی فەرەنسا و بەریتانیای بۆ دۆزی کورد بەدەستهێنا، حکومەتەکانی لەندەن و پاریس ناچار کرد کار بکەن، ئەمەش یەکەم جارە پرسی نەتەوەیەک کە نە جولەکە و نە مەسیحی بێت بەم شێوەیە ئەوروپییەکان هاودەنگبن لەسەری، لەولاوەش دیموکراتە ئۆپۆزسیۆنەکان فشاری گەورەیان لەسەر حکومەتی ئەمریکا دروستکرد و ڕۆژئاوایان تاوانبارکرد لەسەر نەهامەتی و دۆخی نالەباری کورد، لەدرێژەی هەڵمەتە میدیاییەکان کەناڵی سی بی ئێسی ئەمریکی ماوەی (٢١) ڕۆژ بەردەوام خەریکی ڕووماڵکردنی دۆخی کوردەکان بوو لە شاخەکان، پیتزی کە پەیامنێری کەناڵی سی بی ئێس بوو، ڕایگەیاند کوردەکان قوربانی سیاسەتی ئەمریکا بوون کەداوای ڕاپەرینی لێکردن، وەك بەڵگەش نامیلکەی واژوونەکراویان لایە بەزمانی عەرەبی لەلایان فڕۆکە ئەمریکییەکان هەڵدراوەتە خوارەوە کە داوای بەپەلە لەسەربازانیان دەکەن بۆ بیابان.(Randal, 2018, p.63)

**تەوەری دووەم / بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش:**

کۆڕەوەکە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی جیهان هەبوو، هێرش و پەلاماری کورد لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ئازاری ١٩٩١ بووە هۆی ئەوەی بانگهێشتێکی نێودەوڵەتی بەربڵاو بێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار کرد هەندێک هەنگاو بنێت بۆ پاراستنی قوربانییەکان، ئاوارەبوونی کورد بەو ژمارە زۆرە، تورکیا و ئێرانی هێنایە سەربار بۆ ئەوەی داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن عێراق دەستبەرداری پیشیلکردنی مافی ئەم نەتەوەیە بێت، بە پێچەوانەوە ئەم کارە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە دەشێوێنیت(ئەحمەد، ٢٠١٩، ص١١٥).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەوەش زیاتر ئەو مەرگە ساتەی کوردەکان کە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر دەبوونە قوربانی و لە میدیاکانەوە پەخش دەکرا، وایکرد کە فەرەنسا پرۆژە بریاری ٦٨٨ گەڵالە بکات و پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش بکرێت و لەلایەن ئەم ئەنجومەنە پەسەند بکرێت(بارزانی، ٢٠٢٢، ل٧٧). بایه خی ئەو بریارە لە وە دا بوو، بۆ یەکەم جار کورد وەك نەتەوەیەکی ستەمدیدە ناوی چووە ناو بڕیارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان(حەمەکەریم، ٢٠٠٧، ل.٩٤).
دوای ئەوەی شارەکانی کوردستانی عێراق تەواو بێ دانیشتوان بوون و ئەمەش لەلایەن زلهێزەکانی ڕۆژئاواوە  بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- بە پێشێلکردنی گرێبەستی ستراتیژی نێوان زلهێزەکان و ئەو دەوڵەتە ناوچەییانەی کە هاوبەشن کوردستانن دادەنرا، لەم ڕوانگەیەوە و لەبەر هۆکاری ستراتیژی و بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگیەکان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە خێرایی هەنگاوی نا بۆ رزگارکردنی دۆخەکە و پاراستنی کورد بە مەبەستی گەڕانەوەی دانیشتوانی کورد بۆ زێدی خۆیان لە باکوری عێراق(السامرائي، ١٩٩٧، ص٦٥).
ئیدارەی ئەمەریکا هەڵمەتێکی سیاسی و ئابوری و میدیایی بۆ دژایەتی حکومەتی عێراق جێ بەجێکرد، وەک حکومەتێک کە پێشێلی هەموو داب و نەریتی مرۆیی بۆ گەلەکەی دەکات، لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتەدا ڕۆژنامە و کەناڵە ئاسمانییەکانی ئەمریکا ڕۆژانە دەیان وێنەی لەسەر کوردە ئاوارەبووەکان لە شاخەکان و بە ئاشکرا لە ژێر بارانێکی بەخوڕدا پەخش دەکەن، وێنەی منداڵان و ژنان و بەساڵاچووان، لە ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری ئەمریکی و نێودەوڵەتی سواڵ دەکەن بۆ خواردن و خواردنەوە، ئەو دیمەنانە بەس بوون بۆ مسۆگەرکردنی بڕیارەکە لە کۆشکی سپی بۆ نیشاندانی درِندەیی ڕژێمی عێراق، بێ بایەخکردنی گیانی ئەو کەسانەی لە دۆزەخی جەنگ هەڵدێن، هەروەها بەس بوو بۆ هەڵگیرسانی ڕای گشتی جیهان لە دژی حکومەتی عێراق(العزاوي، ٢٠٠٩، ص١٢٨).
فەرەنسا زووتر لە وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی لە وەڵامدانەوەی کارەساتی ئاوارەیی بەکۆمەڵ کە گەلی کوردستانی گرتەوە و هاتە سەر هێل، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش سەرۆکی فەرەنسا (فرانسوا میتێران)، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی فەرەنسا (بێرنارد کۆشنەر) بۆ کاروباری مرۆیی لە ١ی نیسانی ١٩٩١دا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ تورکیا ڕاسپارد، لەسەر بنەمایەکی یاسایی ورد بۆ بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی کورد لە ناوخۆی عێراقدا، بەمەش تورکیا و فەرەنسا ڕەشنووسی بڕیارنامەکەیان ئامادەکرد(الزيباري، ٢٠٠٢، ص١٩٧-١٩٩؛ علي، ٢٠٠٨، ص١٣٥).

لە ٢ی نیسانی ١٩٩١ تورکیا بەیاننامەیەک بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە دۆخی کورد و کۆچبەران دەنێرێت، دواتریش فەرەنسا وەک ئەندامێکی هەمیشەیی نەتەوەیکگرتووەکان لە ٤ی نیسان داوایەکی پێشکەش سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، لەژێر رۆشنایی ئەم داواکاریانە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ دانیشتنی ٢٩٨٢ی خۆی گرێدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە (the Security Council, 1991, 2982nd meeting) بڕیارنامەی ٦٨٨ لەلایان سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش خوێندرایەوە، تێیداهاتووە لەژێر بەرپرسیارێتی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بەپێی ماددەی دووەم لە بڕگەی حەفتەمی پەیماننامەکە، ئەنجومەنی ئاسایش زۆر نیگەرانە لەسەرکوتکردنی گەلی عێراق لەلایان حکومەت، بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکان کە لێشاوێک پەنابەری بۆ سەر سنورەکان لیکەوتۆتەوە، ئەم هێرشانە هەرەشەیە بۆسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئارامی ناوچەکەش بەتەواوی تێکچووە و کاراساتی گەورەی مرۆیی خولقاندووە، بە لەبەرچاوگرتنی داواکاری وڵاتانی تورکیا و فەرەنسا، ئەو ڕاپۆراتانەی ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایش کرا (the Security Council, 1991, 2982nd meeting)، ئەنجومەن بڕیاریدا بە:

١ .سەرکوتکردنەکانی ئەم دوایەی عێراق لە دژی هاوڵاتیانی لە ناوچە کوردنشینەکان ئیدانە دەکەین، دەرئەنجامەکانی هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا دەکات.

٢ .عێراق دەستبەجێ کۆتایی بەم سەرکوتکردنە بهێنن، دەست بکات بە گفتوگۆ لەپێناو مسۆگەرکردنی مافی مرۆیی و سیاسی سەرجەم هاوڵاتیانی.

٣ .عێراق پابەندبێت بە هاوکاری و هەماهەنگی ریکخراوەمرۆییە نێودەوڵەتیەکان بۆ گەیاندنی هاوکاریی خێرا بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق.

٤ .پێویستە ڕاپۆرتی بەردەوام لەسەر دۆخی ناوچە کوردیەکان و زیان لێکەوتوانی ئەم شاڵاوانەی حکومەتی عیراق بدرێت بە ئەنجومەنی ئاسایش.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5 .سکرتێری گشتی ئەنجومەن دەستکراوەیە لە بەکارهێنانی هەموو سەرچاوەکانی بەردەستی بۆ چارەسەری بەپەلەی پیداویستی ئاوەرەکان.

6 .بانگهێشتی سەرجەم وڵاتانی ئەندام و رێکخراوە مرۆییەکان دەکات بۆ بەشداری لەم هەوڵە فریاگوزاریانە.

7 .عێراق هەماهەنگ بێت لەگەڵ سکرتێری گشتی بۆ بەجێهێنانی ئەم ئامانجە.

8 .بڕیاردرا ئەم بابەتە لەژێر چاودێری بمێنێتەوە.

دواتر بریارەکە خرایە دەنگدان، (١٠) ئەندام لەگەڵ بریارەکە بوو لەنێویاندا رووسیا، بەڵام هەریەک لە (کوبا، یەمەن و زیمبابۆی) دژی بوون، هەردوو وڵاتی (چین و هندستان) بێ لایەن بوو (the Security Council, 1991, 2982nd meeting)، بڕیارنامەی (٦٨٨) یەکەم بڕیار بوو لە ڕووی بەرجەستەکردنی سیاسەتی نوێی نێودەوڵەتی دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی جەنگی سارد و کۆتایی هاتنی ململانێی نێوان جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بە یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکان لە کارکردنی سیستەمی جیهانی نوێدا دادەنرێت.

بەپەسەندکردنی بڕیاری ٦٨٨ لەلایان ئەنجومەنی ئاسایش دەنگدانەوە و سەرسوڕمانی دیپلۆماتکارانی لێکەوتەوە، چونکە چاوڕواندەکرا چین یاخود سۆڤیەت ڤیتۆی بڕیارەکە بکەن تەنانەت تورکیا و ئەمریکاش گومانیان هەبوو ئەم بڕیارە تێپەڕببێت، بەتایبەت تورکیا هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەدەست نەبوو، دۆخی کۆچبەرەکان ناچاری کرد داواکاریەکی لەم شێوەیە پێشکەش بەئەنجومەنی ئاسایش بکات، بەهەمان شێوە سەرۆک بووش هەوڵیدا یارمەتی تورکیا بدات بەهۆی هاوپەیمانیتیە ستراتیژیەکەی لەگەڵ ئەو وڵاتە کە هەر لەسەرەتاکانی داگیرکردنی کوێت لەلایان عێراق بۆری گواستنەوەی نەوتی داخست، ئەمەش وایکرد هاوپەیمانێکی سەرەکی بێت بۆیە هەرچەندە بووش بەڵێنی دابوو دوای رزگارکردنی کوێت راستەوخۆ سەربازانی ئەمریکی بگەرێنێتەوە بۆ ماڵەکانیان، بەڵام وەک دەبینرێت نیگەرانیەکانی ئۆزال بڕیارەکەی بووشی گۆڕی(Randal, 2018, pp. 68-69)، تەنانەت دوو ڕۆژ دوای پەسەندکردنی بڕیارنامەی (688)، لە ٧ی نیسانی ١٩٩١ تورگوت ئۆزال پێشنیاری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە "ناوچەیەکی ئارام" بۆ کوردەکان لە باکووری عێراق لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان دابمەزرێنن(الزيباري، ٢٠٠٢، ص٨٧) لە وەڵامی بانگەوازەکەی (ئۆزال)دا، ئیدارەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووش لە هەمان ڕۆژدا فەرمانی دەرکرد بۆ ناردنی فڕۆکەی ئاسمانی سەربازی - کە لە بنکەی (تورکیا) ئینجیرلیکەوە بۆ شاری ( زاخۆ).(Bylis and Smith, 2001, p.479)

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە تورکیا لەڕێگەی پەیوەستبوونی بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیەوە ویستویەتی چارەسەری قەیرانی پەنابەرانی کوردی عێراق لەسەر خاکەکەی بکات، نەک بە مەبەستی چارەسەرکردنی مافەکانی کورد لە باکوری عێراق، ئەمەش لە ترسی کاردانەوەیە لە ئاوارەبوونی کوردانی عێراق لەسەر پرسی کورد لە وڵاتەکەی، و بە مەبەستی جیاکردنەوەی ئەو (ناوچە ئارامانە) لە نێوان کوردەکانی هەردوولادا، لەو دانوستانانەی کە بوونە هۆی دامەزراندنی ناوچەی ئارام، تورکیا چەند مەرجێکی لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیاریکرد(المراکبي، ٢٠٠١، ص٩٥-٩٦) کە گرنگترینیان بریتین لە :

1 -سازش نەکردن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، نەک لە ترسی عێراق، بەڵکو لە دەرەوە لە ترسی ئەوەی کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە باکووری عێراق دابمەزرێت و بگوازێتەوە بۆ تورکیا.

-2 ڕاگرتنی هەموو ئەو سیاسەتانەی کە ڕەنگە ببێتە هۆی یارمەتیدان بۆ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کوردی لە باکووری عێراق، و سەرقاڵکردنی سەرکردە کوردەکان لەو ئاڕاستەیە.

-3 بە توندی پەیڕەوکردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و تێپەڕنەکردنیان.

-4 پشتڕاستکردنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزەکانی تورکیا لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە.

بەمەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخی پەنابەرە کوردەکانی سەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران، هەروەها لە وەڵامی ڕەخنەی میدیاکان لە ئیدارەی بوش، جەیمس بەیکەر وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا لە ٨ی نیسان ڕەوانەی سنووری تورکیا کرا بۆ ئەوەی دۆخی پەنابەران ببینێت، بەیکەر هەستەکانی خۆی بە شۆک و سەرسامی دەربڕی لەوەی کە چەندە هەوڵدانی کەمیان کردووە، رایگەیاند کە پێویستە جیهان کۆبکەینەوە، و بیر لە کردەوەیەکی زەبەلاح بکەینەوە، ئەگەرنا دەبێتە وێرانبوونی نەتەوەیەك(لامبرت، ٢٠٠٨، ص١٠٢).

لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ٦٨٨ لە لایەن سەرۆك وەزیرانی بریتانیا جون میجەر، پیشنیاری بیرۆکەی ناوچەی ئارام Safe Heven-کرا(بارزانی، ٢٠٢٢، ل٧٧)، لە لایەن ئەمریکاوە لە ژێر ناوی ناوچەی دژە

فرین No-fly zoon چووە باری جێبەجێکردن، لە بنکەی ئەنجەرلیك وە فرۆکەکانی ئەمریکا ناوچەکەیان لە فرۆکە عیراقیەکان گرت، دواتر ئۆپەراسیونی دابینکردنی ئاسودەیی Operation-Provide Comfort بۆ ئاوارەکان لە لایەن سوپایەکی نێودەولەتیی فرە رەگەز، دەستپێکرا بۆ فەراهەم هێنانی ناوچەیەکی ئارام و ئاسایش، تا ئاوارەکان بە دلنیایی لە ژیانیان و دوور لە مەترسی سوپای عیراق بۆ شارو شاروچکەکانی خۆیان بگەرێنەوە، ئەم هێزە تامانگی ئەیلول ١٩٩١ کاری سەرەکی خۆیان تەواو کرد، کە ئەرکیان گەرانەوەی زورینەی ئاوارەکان بوو، پاشەکشەیان کرد بۆ ناو بنکەی ئەنجەرلیك لە ناو خاکی تورکیا(حەمەکەریم، ٢٠٠٧، ل.٩٤).

لەم سەروبەندەدا پرسی کورد دەنگدانەوەیەکی میدیایی جیهانی دایەوە، لە ١٦ی نیساندا بووش لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسوودەیی دەستپێدەکات، کە لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا دەیان تۆن خۆراک، دەرمان و جل و بەرگ لەخاکی تورکیاوە دەگەیننە کوردەکان لە باکوری عێراق، ئاماژەی بەوەشکرد، "دەتوانم بە باشی قەدری ئەوە بزانم کە زۆرێک لە کوردەکان هۆکاری باشیان هەیە بۆ ترس لە سەلامەتی خۆیان ئەگەر بگەڕێنەوە عێراق" ناشمانەوێت کوردەکان لەسەر چیاکان بمرن، هەر لەبەر ئەو هۆکارەش سەربازانی ئەمریکی لە ڕێگادان لە تورکیاوە بۆ کوردستانی عێراق کە بە هاوکاریی هێزەکانی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە کڵاوی شینەکان ناسراون خەریکن پەناگەیەکی سەلامەت دادەمەزرێنن کە لەلایەن فڕۆکەکانی (ئێف ١٦)ی هێزی ئاسمانی ئەمریکاوە پارێزراون(Bush, 1992, pp.379-381)

شایانی باسە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - تا ناوەڕاستی نیسانی ١٩٩١ رەتیکردەوە هێزەکانی ئەمریکا بنێرێت بۆ کوردستانی عێراق بۆ دامەزراندنی ئەوەی پێی دەگوترا ( ناوچەی ئارام) پێداگری دەکرد لەسەر تێوەگلانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها دوودڵ بوو لە هەر دەستێوەردانێکی سەربازی لە عێراق. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵیدا لە یەکێک لە ئەکادیمییەکانی سوپای ئەمریکا سەرۆکی بووش وتی کە "نایەوێت سەربازێک یان فڕۆکەوانێک بخاتە نێو شەڕێکی ناوخۆ لە عێراق کە چەندین سەدەیە بەردەوامە" (السامرائي، ١٩٩٧، ص٧١).

بەڵام لەناکاو گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە ناردنی هێزی سەربازی بۆ باکووری عێراق کرا، بەشێوەیەك لە ١٧ی نیسانی ١٩٩١ وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا رایگەیاند، هێزەکانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەریکا بەخێرایی چوونەتە ناو کوردستانی عێراقەوە بۆ ئەوەی دەست بکەن بە دامەزراندنی کەمپ بۆ ئاوارە کوردەکان، بە یاوەری هێزەکانی بەریتانی و فەرەنسی و هێزەکانی دیکە کە لە (١٣) نەتەوەی جیا پێکهاتبوون ژمارەیان (٢٠) هەزار سەرباز بوو، بە مەبەستی دەستپێکردن بە جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش، پاراستنی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە دابینکرابوو، بەمەش ڕێگری کرا لە فڕینی فڕۆکەکانی عێراق بەسەر هێڵی 36 کە ناوی ناوچەی دژە فڕین بوو، لە بنکەی ئینجەرلیکی تورکیاوە دەستکرا بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکارانە(ئەحمەد، ٢٠١٩، ص١١٧).

بە کارهێنانی دۆسیەی کورد وەک فشار لە لایەن ئەمریکا، حکومەتی عێراقی پاڵنا بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لە مەترسی ئەم دۆخە ناوخۆییە تێبگات، بۆیە هەوڵی نزیکبوونەوەی لە پارتە کوردییەکاندا و نیازی بوو لە ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی کە ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧١ زیندوو بکاتەوە(السامرائي، ٢٠١٩، ص٥٩).

دانوستانەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و کورد جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە کاتێک سەدام حسێن لە نیسانی 1991 دەستپێشخەرییەک بۆ دیالۆگ لەگەڵ لایەنی کوردی دەستپێکرد، کورد وەڵامی ئەو دەستپێشخەرییە دایەوە و شاندێکی هاوبەشی بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، لە 24ی نیسانی 1991 چوون بۆ بەغدا ، و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، وەک حکومەتی عێراق ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر فۆرمولەی پرۆژەیەکی یەکگرتوو بۆ خۆبەڕێوەبەری و مەرجی کورد ئەوە بوو کە لە ئەگەری ڕێککەوتن ئەنجامەکان لەسەر سەرەتاوە ڕابگەیەنرێن(السامرائي، ٢٠١٩، ص٥٩).

ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکە لە لایەن جەلال تاڵەبانی گەیندرایەوە کوردستان بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم مەسعود بارزانی و لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی، دوای ئەوە شاندێکی دیکەی کوردی لە ٦ی ئایاری ١٩٩١ بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بەرەو بەغدا ڕۆیشتن و لەگەڵ سەدام حسێن سەرۆک کۆماری عێراق کۆبوونەوە و لەم دانوستانانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم چوار تەوەرەی خوارەوەدا کرد (بارزانی، ٢٠٢٢، ل٩٤٥).

-1 ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان و، ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئاوارەیی زۆرەملێی دژ بە کورد.

-2 چالاککردنی خودموختاری کوردستان و، دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە پێکهاتەی دەستبەجێ بۆ گۆڕانکارییە سیاسی و دیموکراسیەکان دابین بکەن، هەروەها ئازادی رۆژنامەگەری.

-3 دیاریکردنی سنوورەکانی هەرێم کە پەیوەست بە خۆبەڕێوەبەرییەوە، دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ وڵات .

4 -ڕاگەیاندنی قبوڵکردنی فیدرالیزم وەك جۆرێك لە رێکخستنی پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند.

رێککەوتنێك کرا سەبارەت بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان و ئاوەدانکردنەوەیان، قەرەبووکردنی دارایی بۆ ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە، ئازادکردنیان و دەرکردنی لێبوردنێکی هەمەلایەنە بۆ بەشداربووانی ڕاپەڕینی کورد، دوا پرس کە ناکۆکی لەسەر دروست بوو پرۆسەی دیاریکردنی سنوورەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆم بوو، بەو پێیەی لایەنی حکومەت پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت لە دەرەوەی بازنەی کەرکوک بمێنێتەوە ئەو ناوچەیە، لە ئاکامدا قەیرانی بێ متمانەیی بە بەڵێنەکانی حکوومەتی عێراق (بەپێی تێڕوانینی کورد) لە لایەک و چڕی گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە لایەکی دیکەوە، ڕێگریان لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کرد بۆ کۆتایی هێنان بەو دۆخە قەیراناوییەی کوردستان(الزهاوي، ٢٠٠٤، ص١٣٩).

جێگای باسە هەریەک لە جەلال تالەبانی و مسعود بارزانی لە بیرەوەریەکانی خۆیان لەبارەی دانوستاندنەکانی بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقی بەشێوەزێکی جیاواز لە یەکتر بۆچوونەکانیان خستۆتەروو، هەروەک تاڵەبانی نوسیویەتی پێویست ناکات لەگەڵیان بگەینە رێکەوتن، چونکە لەتێروانینی ئەو حکومەتی عێراقی هیچ نیازێکی نیە تا لەرێگەی ئەم دانوستاندنەوە مافەکانی گەلی کورد بدات، چونکە سەدام حسێن و سەرکردایەتی عێراق تاکڕەوانە دەیانڕوانیە دانوستان و ئامانجیان دووبارە بەهێزکردنەوەی عێراق بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەرەی کوردستانی بەبێ ئەوەی بارودۆخی ناوەخۆ و دەرەوەی کورد هەلسەنگێنێت دانوستانیان پەسەند کردووە(تاڵەبانی، ٢٠١٩،

ل.ل١٨٨-١٨٩)، لەبەرامبەردا مسعود بارزانی دەڵێت "بەداخەوە هەڵس و کەوت و رەفتاری یەکێتی لەم گفتوگۆیانە بەتایبەت لەگەڕی کۆتایی گفتوگۆکاندا زۆر نابەرپرسانە بوو، هەر بابەت و گفتوگۆیەک دەکرا رۆژی دواتر لە چاپخانەکان لەدەست خەڵکدابوو، وایان نیشاندەدا گوایە بەعس ڕاستگۆنیە، بەڵام مسعود بارزانی زۆر هاندەرە بۆ رێکەوتن و کەوتنە پڕوپاگەندەی بێ بنەما و بێ مانا دژ بە پارتی، هەر لەدرێژەی ئەم باسەدا بارزانی دەڵێت بە مام جەلالم گوت "ئەوەی یەکێتی دەیکات دوورە لەهەموو پرانسیپەکانی هاوپەیمانێتی، ئایا ئێوە هاندەربوون بۆ گفتوگۆکان یان من؟ ئایا ئێوە نەبوون بەگوشار و داکۆکی و تکا چەند هەوڵتاندا بۆئەوەی من سەردانی بەغدا بکەم؟ لەوەڵامدا جەلال تالەبانی بە پیکەنینەوە دەڵێت "سیاسەت پیاوی سەرسەریی دەوێت"!(بارزانی، ٢٠٢٢، ل.ل٩٩-١٠٠). هەروەک دەردەکەوێت کورد یەک گوتار و یەک هەڵوێست نەبووە، بەڵکو هەوڵدراوە بۆ بانگەشە و ناشرینکردنی هەرلایەنێک کە نیازی رێکەوتنی لەگەڵ بەغدا هەبووبێت، ئەمەش لەپێناو ڕاکێشانی سۆزی شەقام و خەڵک.

لەگەڵ درێژبوونەوەی گەڕی دانوستانەکان، نیشانەکانی ناکۆکی لە نێوان خودی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەرکەوت، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئارەزووی واژووکردن و ڕاگەیاندنی ڕەشنووسی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا هەبوو، ئامانجەکەشی بۆ ئەوە بوو کە یارمەتی گەلی کوردستان بدات بۆ رزگاربوون لە کاریگەرییەکانی ئەو بارودۆخە سەختانەی کە تێپەڕیبوون لە ساڵانی پێشوودا، لە ئەنجامی ئاوارەبوونی بەکۆمەڵ، هەروەها ناسەقامگیربوونی متمانەی کورد بە پشتیوانی دەرەکی بەتایبەتی ئەمریکا، کە پێشتر چاوپۆشی کرد لە نسکۆی ١٩٧٥ و جینۆسایدی ١٩٨٨ و راپەڕینی ١٩٩١ ئەوەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەئاستی بەرپرسیارێتی دانیە بەرامبەر بە پرسی کورد، ئەمە جگەلەوەی وڵاتانی رۆژئاوا رێگەیان بە هێزە عێراقییەکان دا ناوچە کوردستانییەکان لە دوای راپەڕینی کوردستانەوە نۆژەن بکەنەوە، بۆیە سەرکردایەتیی پارتی دیموکرات بڕیاریدا لەگەڵ حکومەتی عێراق بگەنە رێککەوتنێك تا چیتر کورد لەبەردەم ڕەشەکوژی و ئاوارەیدا خۆی نەبینێتەوە و هەروەها نەوەك ئەوەی بزووتنەوەی کورد بکرێتە (ئامرازێک) بۆ جێبەجێکردنی پیلانی بیانی.(Mcdowall, 2007, p. 377)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کاتێکدا بەشێك لە لایەنەکانی بەرەی کوردستانی دژایەتی ئەم رەوتەیان کرد، بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەندێك لایەنی دیکەی کوردستانی، و داوای پچڕاندنی دانوستانەکانیان لەگەڵ بەغدا کرد، لە ئەنجامدا بەرەی کوردی دابەش بوو، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە لایەنی عێراقی بەدەست فشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە بەهەردوو لایەنی سیاسی و سەربازییەوە دەیناڵاند، کە بەزەحمەت دەیتوانی بەرگەی بگرێت، سەرئەنجام هەموو ئەوانە شکستی وتووێژەکانی بەدوای خۆیدا هێنا(عیسی، ٢٠٠٤، ص٤٣٠).

ئەوەی جێگای باسکردنە سوپای هاوپەیمانان لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی دابینکردنی ئاسودەیی لەرووی زەمینیەوە تاوەکو مانگی ئەیلولی ١٩٩١ دەمێنەوە لەپێناو هاندان و دەڵنیایدان بە پەنابەران بۆگەڕانەوەیان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان، لەرووی ئاسمانیەوەش فرۆکەکانی هاوپەیمانان بۆ ماوەی دوازدە ساڵ بەشێوەیەکی خولی بەجۆرێک شەش مانگ جارێک ئەم سوڕانەوەیان بەرەزامەندی تورکیا ئەنجامداوە، بەمەبەستی رێگریکردن لە دووبارەکردنەوەی شاڵاو و پێشێلکاریانەی حکومەتی عێراق کە پێشتر دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامیداوە، بەڵام دەبێت بگوترێت دیاریکردنی هێلی ٣٦ لەلایان هاوپەیمانانەوە زیاتر لە ٦٠٪ی دانیشتوانی کوردی بێ پارێزبەندی هێشتەوە بەتایبەت پەنابەرانی ئێران، بەدەر لەمەش ئەم هێلە کێلگەنەوتیەکانی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری بەدەرکرد لەپێناو کەمکردنەوەی نیگەرانیەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق(.Randal, 2018, pp.71-73)

## ئەنجام:

١ .ئەمریکا هەوڵیدا لەرێگەی دوو فاکتەرەوە کاریگەری خۆی بەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق جێ بهێڵێت، یەکەم لەرێگەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازی کە ئەمەش خۆی لە بەیەکدادان هێزی هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی ئەمریکا لەگەڵ سوپای عێراقدا لە گەردەلولی بیاباندا بینیەوە، فاکتەری دووەم پەیوەستە بە لایەنی مرۆییەوە، کە بریتی بوو لە هەڵوێست وەرگرتنی لەمەڕ ڕاپەڕینی کوردان.

٢ .ئەگەرچی سەرکردایەتی سیاسی کورد هەستیان بەوەکرد بۆ پشتیوانیکردنی دۆزی کورد پێویستە پاڵپشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەست بهێنن، بەڵام بۆچوونەکەیان هەڵە دەرچوو، چونکە

دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی کورد لە باشووری کوردستان ئەمریکا سیاسەتێکی کەنارگیریان بەرامبەر خەڵکی کوردستان نواند، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ حکومەتی عێراق لەماوەی چەند رۆژێک ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات.

٣. کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستان کاریگەری لەسەر ڕای گشتی جیهان هەبوو، دەنگدانەوەیەکی میدیایی جیهانی لێکەوتەوە، بەشێوازێک ستونی زۆربەی رۆژنامە بەناوبانگەکان بۆ ئەم باسە تەرخانکرا، هەر ئەمەش وایکرد لەناکاو گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە ناردنی هێزی سەربازی بۆ باشوری کوردستان لێبکەوێتەوە.

## پەراوێزەکان:

(1)ئۆپراسیۆنی گەردەلولی بیابان، ئەو ئۆپراسیۆنە سەربازییە کە لە ١٧ی کانونی دووەم تا ٢٨ی شوباتی ١٩٩١ دەستپێکردووە، لەچوارچێوەی جەنگی دووەمی کەنداودا، لەلایان هێزەکانی هاوپەیمانی بەسەرۆکایەتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی عێراق ئەنجامدرا، ئەویش دوای وەرگرتنی مۆلەت لە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ رزگارکردنی کوێت لەداگیرکاری عێراق. بۆزانیاری زیاتر بروانە: (ئەدیب، ٢٠١٣، ص٢١٢-٢١٤).

(2)بریاری ٦٧٨ی لە ٢٩ی تشرینی دووەم ١٩٩١ لە نەتەوەیکگرتووەکان دەرچوو، کە لە (١٠) ماددە پێکهاتبوو بەسەر عێراق سەپێنرا، گرینگترینیان پابەندکردنی عێراق بێ هیچ مەرجێک بەلەناوبردنی چەکی کیمیایی و موشەک و تاقیگە و توێژینەوەکان لەژێرچاودێری نێودەوڵەتی، گەڕاندنەوەی تەواوی موڵک وماڵی کوێت و دیلەکان کەلەجەنگ دەستی بەسەرگیراوە (Bush's September 12th speech, 2002).

(3)نۆرمان شوارزکۆف، لەرێکەوتی ٢٢ی ئابی١٩٣٤ لە ویلایەتی نیوجرسی لەدایکبووە، ژەنەراڵی سوپای ئەمریکا کە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیابان بوو، ئەو چالاکییە سەربازییەی کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد و کوێتیان لە داگیرکارییەکانی عێراق لە جەنگی دووەمی کەنداو ڕزگار کرد، لە ٢٧ی کاوونی دووەمی ٢٠١٢، لە ویلایەتی فلۆریدا کۆچی دواییکردووە (American Academy of Achievement, 2022).

(4)سوڵتان ئەحمەد هاشم ئەلتای، ساڵی ١٩٤٥ لە موسل لەدایک بووە، لە ١٩٦٤کۆلێژی سەربازی تەواودەکات، لە هەڵمەتەکانی ئەنفالکردن و جینۆسایدی کوردەکان ئەفسەری باڵای سەربازی بوو، بە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە هەڵەبجە و چەند شوێنێکی دیکەی کوردستان کە وێرانکردنی لە سەدا ٩٠ی گوندەکانی کوردی و کوشتنی زیاتر لە ١٨٠ هەزار کورد لێکەوتەوە، لە ١٩٩٥ دەبێت بە وەزیری بەرگری عێراق، لە ٢٠٠٣ دەستگیر دەکرێت، سالی ٢٠٠٧ فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکرێت، بەڵام نەچووە بواری جێ بەجێکردن، لە سالی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردووە؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە؛ السعدي، علي، (٢٠٢٢)، سلطان هاشم ذاكرة الحروب وأسرارها، الحوار الوحيد مع " وزير الدفاع العراقي في عهد صدام حسين" في سجنه حاوره الدكتور علي السعدي، دار قناديل للنشر والتوزيع، بغداد.

## سەرچاوە:

### بەڵگەنامەکان بەزمانی ئینگلیزی:


1. *American Academy of Achievement, General H. Norman Schwarzkopf, February 9, 2022. accessed [August 25, 2022], <https://achievement.org/achiever/general-h-norman-schwarzkopf >*
2. *George Bush, “Remarks to the American Association for the Advancement of Science,” 15 February 1991, in Public Papers of the Presidents: George Bush, 1991 Washington, DC: U.S. Government Printing Office, 1992, Vol. 1, p. 145.*
3. *George W. Bush Presidential Library staff, FOIA Marker, 5 December 1990, Document No, 205211.*
4. *George W. Bush Presidential Library staff, FOIA Marker, 8 August 1990, Document No, 290728SS.*
5. *Lagislative Referral Memorundom to National Security Council, Departments of Justice, Defence, Commerce, State and the Treasure, Senate proposed language on Iraq sanctions for EAA conference, the president office of management and budget, Washington, October 9, 1990.*
6. *National Security Archive Electronic Briefing Book No. 82, Shaking Hands with Saddam Hussein: The U.S. Tilts toward Iraq, 1980-1984, February 25, 2003.*

7. *President George W. Bush's September 12th speech to the United Nations General Assembly, A Decade of Deception and Defiance, Saddam Hussein's Defiance of the United Nations, September 12, 2002.*
8. *Puplic Papers of the Presidents of the United States, Book I, January 1 To June 30, 1991 George Bush, United States Government Printing Office, Washington, 1992.*
9. *Telephone Conversation with President Francois Mitterrand of France, April 11, 1991, Document, 2755; Telcon with Chancellor Kohl of Germany, Document 2897.*
10. *Telephone Conversation with President Vaclav Havel of Czechoslovakia on April 12, 1991, Document, 2720, One-on-One Meeting with Prime Minister Kaifu of Japan, Document, 2605. Meeting with Prime Minister Santer and EC President Delors, April 11, 199, Documet 2835.*
11. *The Heritage Foundation, Can the Embargo on Iraq Succeed? No. 789, Washington D.C, September 5, 1990.*
12. *The White House Office Referral, Letter from Dr. Al-Hakim the Secrtery General of Human Rights Organisation in Iraq to President Bush, Save the People of Iraq, March 19, 1991, Document No, 9105165.*
13. *The White House Office Referral, Letter from Dr. Asad Khailany President Kurdish National Congress of North America to President Bush, Expresses his Views Regarding the Kurdish People in Iraq, March 4, 1991, Document, 9104576.*
14. *The White House, Memorandum of Telephone Conversation, Telephone with Turkgut Ozal, April 2, 1991, Document 4523.*
15. *United Nations Digital Library, Resolution 688 (1991) / adopted by the Security Council at its 2982nd meeting, on 5 April 1991.*

**کتێب :**

1. **یەکەم/ بە زمانی کوردی :**
2. کۆچێرا، کریس، (٢٠٠٢)، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، بەرگی یەکەم، وەرگێرانی لە فارسیەوە: ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. بارزانی، مسعود، (٢٠٢٢)، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد/ ڕاپەرین - دەرفەت و ئاستەنگەکان ١٩٩١-٢٠٠٢، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی رۆکسانە.
4. حەمەکریم، هێرش عەبدوڵلا، (٢٠٠٧)، پەیوەندییەسیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، مەڵبەندی کوردەلۆجی، سلێمانی.
5. ڕانداڵ، جۆناتان سی، (٢٠٠٣) کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە : د. خەسرەو شالی، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی.
6. ڕشید، سەلاح، (٢٠١٩)، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەرگی دووەم، چاپی چوارەم، ناوەندی رۆشنبیری ئەدەبیان، سلێمانی.
7. ساڵح، گۆران ئیبراهیم، (٢٠١٣)، دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراقدا (٦/ئازاری ١٩٧٥-٢/ئابی ١٩٩٠)، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
8. گالبریت، پیتەر و. (٢٠٠٧)، کۆتایی عێراق چۆن کارنارێکی ئەمریکا شەڕێکی بێ کۆتایی بەرپاکرد، و؛ مامکاک، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
9. مستەفا، ئاراس عەبدولرەحمان، (٢٠١٨)، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و خۆئامادەکردنی پارت و رێکخراوە کوردییەکان بۆ راپەرینی ئاداری ١٩٩١، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
10. ..............................، (٢٠١٨) پانۆرامای راپەرین و رزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بەرگی چوارەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
11. معصوم، شیرین، (٢٠١٢)، کورد و ئەمریکا، و؛ علی رزگار، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
12. میهۆ، لوکمان، (٢٠٠٩)، کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا (کوردستانی عێراق)، و؛ رەحمانی وریا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەلات، هەولێر.
13. ئینتیسار، نادر، (٢٠٠٤)، ئینتۆ نەتەوایەتی کوردی، و؛ عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

**دووەم / بە زمانی عەرەبی:**

1. السامرائي، ابراهيم عبدالطالب، (٢٠١٢)، الوضع السياسي والأمني في العراق بين ١٩٤٥-٢٠١٠، دار آمنة للنشر و التوزيع، عمان.
2. البزاز، سعد، (١٩٩٨)، الأكراد في المسألة العراقية، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان.
3. الزهاوي، فاضل، (٢٠٠٤)، حرب الخليج و انتفاضة كردستان العراق، المديرية العامة للطباعة و النشر، السليمانية.

4. الزيباري، عبدالرحمن سليمان، (٢٠٠٢)، الوضع القانوني لإقليم كردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، دراسة تحليلية ناقدة، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل.
5. السامرائي، محمد كريم عبد على، (٢٠١٩)، موقف الولايات المتحدة الأمريكية من القضية الكردية في العراق 1990-2003، دار امجد للنشر والتوزيع، الأردن.
6. السامرائي، وفيق، (١٩٩٧)، حطام البوابة الشرقية، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
7. السعدي، علي، (٢٠٢٢)، سلطان هاشم ذاكرة الحروب وأسرارها، الحوار الوحيد مع " وزير الدفاع العراقي في عهد صدام حسين" في سجنه حاوره الدكتور علي السعدي، دار قناديل للنشر والتوزيع، بغداد.
8. الشمراني، على، (٢٠٠٣)، صراع الاضداد المعارضة العراقية بعد حرب الخليج، دار الحكمة ، لندن.
9. العزاوي، دهام محمد، (٢٠٠٩)، الاحتلال الامريكي للعراق و ابعاد الفيدرالية الكردية، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة.
10. المراكبي، عبدالمنعم، (٢٠٠١)، حرب الخليج الثانية والتكامل الوطني في العراق (الأكراد - دراسة الحالة) 1988-1996، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة.
11. حسنى، سليم، (١٩٩٠)، امن الخليج، مركز المعرفه للدراسات الاسلاميه، لبنان- بيروت.
12. ديب، كمال، (٢٠١٣)، موجز تاريخ العراق، دار الفرابي، بيروت.
13. راندل, جونثان، (١٩٩٧)، امة في شقاق، دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة: فادى حمودي، دار النهار للنشر، بيروت.
14. سلوغلت، ماريون فاروق و سلوغليت، بيتر، (٢٠٠٣)، من الثورة الى الديكتاتورية، العراق منذ ١٩٥٨، ترجمة مالك النبراسي، منشورات الجمل، ألمانيا.
15. طالباني، مكرم، (٢٠٠٩)، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، السليمانية.
16. علي، هادي، (٢٠٠٨)، الشعب الكردي والسياسات الدولية في القرن العشرين (كردستان إنموذجا)، دار روشنبير، السليمانية.
17. عيسى، حامد محمود، (٢٠٠٤)، المشكلة الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الاجتياح الأمريكي، مكتبة مدبولي، القاهرة.
18. كيسنجر، هنرى، (٢٠٠٣)، هل تحتاج اميركا الى سياسة خارجية ؟، ترجمة؛ عمر الايوبي، الطبعة الثانية، دار الكتاب العربي، بيروت – لبنان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

19. لامبرت، بيتر جي، (٢٠٠٨)، الولايات المتحدة والكورد "دراسة حالات عن تعهدات الولايات المتحدة"، ترجمة: مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق، دهوك، مطبعة خاني.
20. محمد، محمد الطاهر، (٢٠٠٩)، القضية الكردية وحق تقرير المصير، مكتبة مدبولى، القاهرة.
21. ئەحمەد، سەروەر حەمە، (٢٠١٩)، القضية الكردية من منظور السياسة الخارجية الامريكية، مكتب التفسير، اربيل.

**سێیەم / بەزمانی ئینگلیزی:**

1. *Anderson, Liam and Stansfield, Gareth, (2004), The Future of Iraq Dictatorship, Democracy, or Division, Palgrave Macmillan, New York.*
2. *Bush, George, (1992), “Remarks to the American Association for the Advancement of Science,” 15 February 1991, in Public Papers of the Presidents: George Bush 1991, U.S. Government Printing Office, Vol. 1, Washington, DC.*
3. *Bylis, Jhon and Smith, Steve, (2001), The Globalization of World Politics, Oxford University, press Inc, NewYork.*
4. *Dumbrell, John, (1997), American Foreign Policy: Carter to Clinton, Macmillan Press, London.*
5. *Randal, Jonathan, (2018), After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan ،Routledge Taylor & Francis Group, New York.*
6. *Yildiz, Kerim, (2004), the Kurds in Iraq the past, present and future, Pluto Press, London.*

**نامەی زانکۆیی بەزمانی ئینگلیزی:**

1. *Shareef, Mohammed, J. M., (2010) President George W. Bush’s Policy Towards Iraq: Change or Continuity? Durham Doctoral theses, Durham University.*

**وتار و توێژینەوەکان :**

**بەزمانی ئینگلیزی:**

2. *Jamieson, Perry D., (2015), The Victor, Airmen at War - Air Force Historical Research Agency.*
3. *Little ،Douglas, The United States and the Kurds: A Cold War Story, Journal of Cold War Studies, published by the MIT press, Volume 12, Number 4, Fall 2010.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The United States' Attitude towards the 1991 People's Uprising in South Kurdistan

**Prof. Dr. Ismail Mohamad Hassaf**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: ismail.hassaf@su.edu.krd

**Saman Omar Hamad**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: saman.hamad@su.edu.krd

***Keywords:*** *America, Uprising, Resolution 688, Security Council, Desert Storm.*

## Abstract
The Iraq occupation of Kuwait was a main factor for attracting the United States and approaching to the Kurds, because it radically changed US policy towards Iraq and persuated the US administration to launch a military offensive against of Iraq, which had a reflection on the Kurdish question. The first chapter examines the US position and role towards the mass uprising in South Kurdistan. The first chapter examines the US position and role towards the Kurdistan people's uprising, in the beging, the study highlighting the factors of the uprising in Kurdistan cities and towns, then the role of the US and international organizations towards the uprising. The final part will focus on the Resolution 688, and how the mass migration of Iraqi Kurds impacts on the United States and the international community to take some practical steps to protect the Kurds. It describes the deaths and victims of the Kurds, which eventually led France to draft Resolution 688 and submitted to the Security Council, as a result the Kurds being included in a UN resolution as an oppressed nation for the first time in history. At the same time, the US position for the protection and return of Kurdish refugees has been expressed.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# موقف الولايات المتحدة تجاه الانتفاضة الشعبية في جنوب كردستان عام 1991

**ملخص:**
كان احتلال العراق للكويت عاملا أساسيا في جذب الولايات المتحدة والتقرب من الأكراد، لأنه غير السياسة الأمريكية بشكل جذري تجاه العراق وأقنع الإدارة الأمريكية بشن هجوم عسكري ضد العراق، وهو ما كان له انعكاس على المسألة الكردية. يتناول الفصل الأول موقف الولايات المتحدة ودورها تجاه الانتفاضة الجماهيرية في جنوب كردستان. يستعرض الفصل الأول موقف الولايات المتحدة ودورها تجاه انتفاضة شعب كردستان في فترة نشوءها ، وتسلط الدراسة الضوء على عوامل الانتفاضة في مدن وبلدات كردستان ، ثم دور الولايات المتحدة والمنظمات الدولية تجاه الانتفاضة. سيتم التركيز في الجزء الأخير على القرار 688 ، وكيف تؤثر الهجرة الجماعية لأكراد العراق على الولايات المتحدة والمجتمع الدولي لاتخاذ بعض الخطوات العملية لحماية الأكراد. ويصف مقتل وضحايا الأكراد ، الأمر الذي دفع فرنسا في النهاية إلى صياغة القرار 688 وتقديمه إلى مجلس الأمن ، نتيجة إدراج الأكراد في قرار للأمم المتحدة كدولة مضطهدة لأول مرة في التاريخ. في الوقت نفسه ، تم التعبير عن موقف الولايات المتحدة لحماية وعودة اللاجئين الأكراد.